www.kurdistannet.org
14-4-2003 0:30

# بانگەوازێك لە قەڵای كەركوكەوە
# بۆ رۆڵە بەئەمەكو دڵسۆزو ئاوارەكانی كەركوك

فەهد شوانی
fahdshwani@yahoo.com
www. fahdshwani.i8.com

گەرچی سالآنێكە لەزیندانە تارەكانی رژێمی بەعسدا زیندانی بوومو رۆژانە جەستەمیان شەقار شەقار دەكردو خورماو پەیكەریان تیا دەچاندو سەرجەم ئەندامەكانی جەستەمیان تەعریب دەكردو سیمای كلتورو ناسنامەمیان دەشێواند. .

گەرچی خرۆكە سورەكانی خوێنمیان بەبەرچاوی تیشكە زەردەكانی خۆرەوە لەخاچ ئەدا. .

گەرچی ئێوارە پەمەییەكانی كچێنیمیان لەنێو پێكی وێسكیدا لەگەڵ گۆشتی برژاوی ئەنفالەكاندا دەخواردەوە. .

وەلێ ئەمێستا شەپۆلی تورەیی گەل شورەو دیوارە پۆلآیینەكانی زیندانەكانیان رامالیوەو راپەڕینی جەماوەریش خەونو خۆزگەی نازییەكانی لەزامە بەسوێكانی هەڵبجەدا خنكاندووە. .

ئەمێستا هەنسكە ئەرخەوانییەكانی هەولێرو ئاسمانە شینكەی سلێمانی هەناسەی ئازادیو بەختیاریو نێرگزی بەهاری سەرفرازیم بەسەردا دەبارێنن. .

رۆڵە بەش مەینەتو خۆشی نەدیوەكانم. . ئیدی بۆ هەتایی لەكەناری سەربەخۆییدا ئۆقرە دەگرمو هەمووتان، ئاخ شیرینەكانم هەمووتان لەخۆ دەگرم. .

دەوەرنەوە ئەها بێ ئێوەیی چی لێكردووم. .

ئەها بێ ئێوە رەنگ زەردو كەساس چەشنی مناڵە بێنازەكانی شەهیدانم. .

زووكەن وەرنەوە. . ئەوەتا عەلی مەردان مەقامێكی تازەی بەناوی (گەڕانەوە) داهێناوەو لەدەروازەی شاردا دەیچڕیو سێكانیانیش بۆی دەسەنێتەوە. .

ئەها خاصە خۆی رووت كردۆتەوە تا ئەم هاوینە منالآن فێرە مەلە بكات. .

وەرنەوە بەسە ئیدی ئاوارەیی لەوڵاتی خۆم. .

بەسە با چیدی نەبیستم كەركوكییەكان بێ لانەنو لەبەر باران دەنوون. .

بەسە با چیدی نەبیستم رۆڵەكانی گرو گڵپە شەوان تا بەیانی لەسەرمانا هەڵدەلەرزێن. .

وەرنەوە باچیتر بنەسڵاوەی بێ گرو دارەتووی بێ سۆز هەوارو ژوانی ئێوەی جگەرگۆشەم نەبن. .

وەرنەوە با چیتر بێ نەورۆزو كۆڕی لاوانی عاشقو سەرمەست نەبم. .

وەرنەوە با چیتر تەنیا نەبم. .

با منیش ئاوێزانی خەمو خەندەو شادیو ناخۆشی ژیانتان بم. .

www. kurdistannet.org كوردستان نێت

وەرنەوە خۆ بیرتان ماوە ساڵانی زوو، ئەها رەنگم گشت وەرزەکان هەر سەوز بوو، ئەی ناوی گەڕەك و قوتابخانەکان، ناوی مزگەوتو باڵەخانەکان، ئەی دیمەنی چایخانەو باڕەکان، ئەی نیگای مناڵە حەیاتەکانی شار. .

دەوەرنەوە با تێر تێر بۆنتان بکەم. .

بەڵام بیرتان نەچێت لەگەڵ خۆتان تابلۆی دیمەنە فیردەوسییەکانی ساڵانی زووم بۆ بێننەوە، تا بەرگی ئەو ساڵانە لەبەر بکەم. .

وەرنەوە ئیدی شەوان تابەیانی نانووین، بابەگوڕگوڕ دادەگیرسێنینو چیرۆکی ژوورەکانی ئینفرادیو هەڵواسینتان بۆ دەگێڕمەوە. .

چیرۆکی هاتنە شاری بارە خورماو تەعریبکردنی ئەستێرەکان، شێواندنی گوڵاڵە سوورەکانی ژیان. .

چیرۆکی ئەو دوو چۆلەکەیەی لەجووت بووندا گوللە باران کران. .

وەرنەوە با ئاوێتەی یەکتربینو هەناسەی ساردتان تێر هەڵمژمو بۆ هەتایی لەنێو یەکدا بتوێینەوە

لەگەڵ سڵاوو خۆشەویستیمیدا

٢٠٠٣/٤/١٢

www.kurdistannet.org کوردستان نێت